

## دەستە جلەکانی وەرزی زستان



دەستە جلەکان کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك جلوبەرگ و ئێکسسوار و کەرەستەی تایبەت بە دەستە جلێکی تایبەتەوە، کە هەریەکە لەو دەستە جلە کاریگەری و جوانی خۆی دەبینێ لەو کاتەی دەستە جلەکە بەیەکەوە دەپۆشرێ، ئەمەش وادەکات کە ببێتە ڕێگەیەکی تایبەتمەند لەجوانی ئەو جلەوە، بۆیە کاریگەری زیاتری دەبێ و لە هەر وەرزێکیش گۆڕانکاری بەسەردا دێ و دەستە جلی هەر وەرزێك بۆ وەرزێکی دیکە جیاوازی هەیە، لە زستانی ئەمساڵدا گشت جۆرە جلەکان مۆدەی خۆیان هەیە و خانمان دەتوانن هەر یەکە لە جۆرە جلەکان بپۆشن بەبێ ئەوەی جلێکی دیاری کراو ببێتە مۆدەی ئەو سەردەمە، بۆ زستانی ئەوساڵ، چەندین جۆرە دەستە جل ئامادەکراوە و کە بەجۆرێك لە گشت جۆرە ڕەنگەکانە، دەستە جلەکانیش پێکهاتەکانی ئەوانەن: جلوبەرگی سەرەوە و خوارەوە، جەنتای دەست، چاویلکە، پێڵاو، بازنگ و ملوانکە، قردێلەی مل، پشتێن، کاتژمێری دەست، تۆقەی قژ. هەر یەکە لەو کەرەستانە بە جوانییەکی گەورەوە خۆی دەنوێنێ بە تایبەت کاتێك شێوە و ڕەنگەکانیان گونجاو دەبێ لەگەڵ کەرەستەکانی دیکەی دەستە جلەکە.

## قەشەنگی ڕەنگی زەرد



## پەردەکان زیاتر دیکۆری



گشت شوێنێکی ماڵ، پێویستی بە جوانکاری و کاری تازە هەیە، ئەمەش وادەکات کە کەرەستە پێویستەکان ئامادەکاری بۆ بکرێ و بە مەبەستی زیاتر ڕازاندنەوە و گرنگی دان بە دیکۆرەکان، لە ماڵدا، هەر بەشێك دەبێ وردەکاری بۆ دیکۆر و جوانکردنی دابین بکرێ، بە تایبەت ئەو شوێنانەی لەبەرچاوانن و دیمەنێکی ڕازاوەشی هەیە، یەکێك لەو بەشە گرنگانە، بریتییە لە پەردەی پەنجەرەکان، بەگوێرەی دیکۆرەکانی ماڵ، تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئەمەش وادەکات لە نوێکاری و کاری تازەوە نەوەستێ و دیمەنیشی زیاتر جێگەی بایەخ

## له كراسی كوردیدا



وەكو چۆن خانمان بە گشت جۆرە بوارەكانی جوانكاری دەتوانن بە هەنگاوێكی بچووكەوە گەورەترین جوانی دروست بكەن، بەم شێوەیەش خانمە بچووكەكانیش لە هەنگاوەكانی جوانی بەشدار دەبن و ئەمەش كاتێك لەلایەن كەسوكاریانەوە بە یەكێك لە كارەكانی بۆ دەكەن و دەیكەن بە شازادەیەكی بچووك، وەكو ئەو خاتوونە خنجیلانەیە، كە كراسێكی كوردی پۆشیوە، وەك هەر خانمێكی كورد ڕازاوە و قەشەنگ دەركەوتووە، جلی ئەو كچە شازادەیە لە ڕەنگی زەردە، كە یەكێكە لە ڕەنگە جوانەكان بۆ كراسی كوردی، یەكێك لە سیفاتە جوانەكانی كراسی كوردی ئەوەیە كە لەگەڵ گشت جۆرە ڕەنگەكان بگونجێ، تەنانەت ڕەنگی زەردیش دەبێتە یەكێك لەو ڕەنگانەی خانمان هەڵیبژێرن بۆ ڕەنگی كراسەكانیان، جوانی ڕەنگی زەرد وادەكا كە كراسەكە زیاتر ڕازاوەتر و دیارتر بێ، هەروەها بەهۆی ئەوەی ڕەنگی ئێكسسوار و مووروەكانیش لە ڕەنگێكی دیكە دەبێ مەبەست لەوەش زیاتر دەركەوتنی ئەو كەرەستانەیە كاتێك لەگەڵ ڕەنگی زەردی كراسەكە، ڕەنگی زەرد بۆ خانمانی بچووك و گەورەش دەبێ و دەبێتە هێمایەك بۆ جوانی ستایلی كراسی كوردی.

## جوانی كراسە درێژەكان بە ڕەنگی ڕەشەوە





جلوبەرگ لەگەڵ ئەوەی بە بەردەوام لە پێشكەوتن دایە، بەڵام هەندێكیان پارێزگاری لە مۆدەكانی خۆی كردووە و هەردەم بە جلێكی ڕازاوە و جوانەوە دادەنرێ، لێرەدا شێوازی جلەكان تایبەتمەندی خۆی دەنوێنێ، گرنگی جلوبەرگ لەوەدایە كاتێك ئەو جۆرە جلە لەگەڵ جەستەی ئەو خانمە بگونجێ كە دەیپۆشێ، ئەمەش بەپێی ئەو جۆرە ڕەنگ و مۆدە و قیاسەی كە بۆی دادەنرێ، چونكە هەریەك لەوانە هەڵەیەكی هەبێ، جوانی ئەو جلە دەرناكەوێ و دەشێوێنرێ، یەكێك لەو جلە تازانەی كە ساڵانێكە دەركەوتووە یان زیاتر بڵێین لە بواری مۆدەكانەوە گرنگی پێدەدرێ، ئەویش كراسی درێژە كە بە (عەبا) ناسراوە بە شێوە گشتییەكەی، كراسی لەم جۆرە مۆدەیەكی جوانە و تەنانەت گەورەیی و خانمایەتی بەو كەسە دەبەخشێ كاتێك دەیپۆشێ، جوانی كراسی درێژ لەو هێمایەیە كاتێك لە درێژی و كراوەیی و سادەیی كراسەكە دەردەكەوێ، چونكە جلێكە سەرتاپای جەستە دەگرێتەوە تاوەكو خوارەوە، زیاتر لە ڕەنگی ڕەش دەنەخشێنرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگی جوانیی كراسەكە زیاتر دەكات.

## ماڵەكەت ڕازاوەتر دەكات



دان بێ، بەهۆی ئەوەی لە گشت ژوورەكانی ماڵدا پەنجەرە هەیە، بێگومان پەنجەرەكانیش بەبێ پەردەوە نابێ، بۆیە دانانی پەردەكان یەكێكە لە گرنگترین هەنگاوەكان بۆ جوانی دیكۆری ماڵ، بەڵام دەبێ پەردەكان هەر یەكە بە گوێرەی ئەو شوێنەوە بێ كە پەنجەرەكەی لێوە دانراوە، پەردەكان شێوازیان هەر یەكە جیاوازە لەوەی دیكە، ئەمەش لە ڕەنگ و نەخش و درێژی و هەر یەكە لەكاری جوانەوە دیار دەبێ، زیاتر هەوڵبدەن پەردەكان بە شێوەیەكی گەورە و كراوە بێ، چونكە لەو ڕوانگەوە مانای جوانتر و زیاتری پێوە دەردەكەوێ.

# پوولی کوردستان

کوردیش وەك هەر نەتەوەك لە جیهاندا خاوەن بیروڕا و تایبەتمەندی خۆیەتی، دەبێ لەگشت لایەنەکانی ژیان، بە تایبەت ئەوانەی تایبەتن بە کاروباری خەڵك و بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، یەکێك لەو شتە بچووکانەی کە بۆ کاری بەڵگەنامە و کاری میری بەکاردەهێنرێ، بریتییە لە (پوول)، ئەویش پەڕێکی بچووکە و وێنەیەکی لەسەرە و هێما لە شتێکی ئەو وڵاتە دەکات کە لێوەی بەکاردەهێنرێ، ئەو پوولە بەرامبەر بڕە پارەیەکی کەمە، وەك ڕسومات بەکاردەهێنرێ لەکاتی مامەڵە فەرمی و میرییەکان کاتێك هاووڵاتیان بەکاری دەهێنن، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەك حکومەتێکی پێشکەوتوو لەم لایەنە کاری کردووە و ساڵانە چەندین جۆرە پوول بەشێوازی تازە و جوان ئامادەکات، کە مانای ئەو وێنانەی سەر پوولەکانیش گوزارشت لە کەسایەتییەکی کورد یان شوێنێکی کوردستان دەکات، ئەم چەند پوولەش نموونەی ئەو قسانەی سەرەوەن کە وێنەی چەندین سەرکردە و شێوە وکەلتوری کوردی پێوە دیارە.



# ئیبن مستەوفی





# شاجوانی جیهان هەڵبژێردرایەوە!

لە ڕێوڕەسمێکی جوان و شایستەدا، کە لەشاری لەندەنی وڵاتی بەریتانیا پێشبڕکێی شاجوانی جیهان بۆ ساڵی (٢٠١١) بەڕێوەچوو، کە بە بەشداری (١١٣) شاجوانی وڵاتانی جیهان و دوای چەندین خاڵ کۆکردنەوە و بەهرە و تواناکانی شاجوانان، جگە لە پێوەری جوانی، لە کۆتایی ئەو کۆمەڵە شاجوانە، کچە شاجوانی وڵاتی فەنزویلا توانی نازناوەکە وەربگرێ، ئەو شاجوانە ناوی (ئیڤان سارکۆس)ـە کە کچە ئەسمەرێکی باڵا بەرز و جوان بوو، تەمەنی (٢١) ساڵە و دەرچووی کۆلێژی توانا مرۆییەکانە، ئێستا کاری بێژەری دەکات لە یەکێك لە ئێزگەکانی وڵاتی فەنزویلا، هەنگاوی داهاتووی ئەو شاجوانە یارمەتی دانی منداڵانی جیهانە، هەروەها لە پلەی دووەم شاجوانی وڵاتی فلیپین (جواندۆلین جایل)، لە پلەی سێیەمیش شاجوانی کەنداوی پۆرتریکۆ کە ناوی (ئاماندا فیکتۆریا) بوو.

# چێشتخانە و ئوتێل

کارە جوانەکان لەسەر چەندین شێوەی تایبەت و سەیر دروست دەکرێن، یان هەیانە لەسەر شێوەی گیانداران باڵەخانە و خانوو دروست دەکرێن، ئەمەش دەبێتە یەکێك لەبیرۆکە جوانەکان کە باڵەخانە لەسەر شێوەی ئاژەڵان و گیانداران دروست بکرێ، دەبێتە کارێکی گونجاو و سەیر بۆ گشت خەڵکی جیهان، لەوڵاتی پەنەما،



## ــــی بناسه!

زۆر جــار ڕێگەمــان دەکەوێتە قەڵاتی هەولێر کــە مێژوویەکــی دێرینی هەیە، لە ســەرەتای چوونــە ژوورەوەیدا دەرگای یەکەمی قەڵا پەیکەری پیاوێك دانراوە کە کتێبێکی لە دەستە، ئەویش (ئیبن مستوفی) یە، ئێمەش بە پێویستمان زانی کە باس لەو پیاوە بکەین تاوەکو گشت کەسێك ئاشنای ئەو کەڵە پیاوە بێ، ئیبن مستەوفی ناوی (موبارەکی کوڕی ئەحمەدی شەرەفەدین)ە و ناسراوە بە (ئیبن مستەوفی) لە ساڵی (١١٦٩) زایینی لە قەڵای هەولێر لە دایك بووە، پیاوێکی مێژوونووس و زمانەوانی بووە، لە سەردەمی ســوڵتان موزەفەرییە وەزیری هەولێــر بووە، لە بواری مێژوو و ئەدەب و زمان بەرهەمەکانی نووسیوەتەوە و یەکێــك لە گرنگتریــن بەرهەمەکانی کتێبی (مێژووی هەولێر) بووە کە لە (٤) بەرگدا نووسراوە.




## سەیرترین وێنەی بووك و زاوا

لەڕۆژی ئاهەنگی بــووك و زاوا، چەندین وێنەی جوان دەگیــرێ، بە تایبەت ئەو چەند وێنەیــەی کە بووك و زاوا پێکەوە لای وێنەگر دەیگرن تا بۆ یادگارییــەك بمێنێتەوە، ئەوەش چەنــد وێنەیەکــە و بەچەندین جــۆرە جووڵە دەگیرێ، وەك دەســت لەناو دەســتی یەکتر، یان بەیەکەوە دەوەستن و سەیری یەکتر دەکەن، کە گوزارشــت لە خۆشەویســتی و یادگاری ئــەو ڕۆژە دەکات، کەچی ئــەو وێنەیە دەبێتە سەیرترین وێنەی یادگاری بووك و زاوا، کە لە وڵاتی تورکیا وێنەکە گیراوە ئەویش لەڕۆژی ئاهەنگەکــە، لە وێنەکەدا کاکی زاوا لەســەر پشتی بوکێ دانیشــتووە و قژیشی گرتووە بە دەســتەوە و خانمە بووکیش درێــژ بووە، هیچ مانایەك لەو وێنــەوە دەرناکەوێ و بۆیە دەبێتە سەیرترین وێنەی بووك و زاوا.

## ـــــل لەناو سگی فیل

توانیان جوانترین باڵخانە لەســەر شێوەی گیانداری فیل دروســت بکــەن، ئەوەی جێگەی ســەمەرەیە ناو ئەو باڵخانەیە لە بەشەکانی چێشــتخانە و ئوتێل و شوێنی دانیشــتن پێکهاتووە، ئەمەش لەویلایەتی نیوجێرســی لە ئەمریکا، درێژییەکەی دەگاتە (٦٥) پێ و کێشــی باڵخانەکەش دەگاتە (٩٠) تەن.




ژیان

# هەگبەی ڕۆژنامەگەری کوردی


## ڕۆژنامەی (ژیان)

**ئامادەکردنی : جەمال خەزنەدار**

ژیان ئــەم غەزەتەیەیە، غەزەتێکی سیاســی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی بوو هەفتەی جارێك دەردەچوو لە سلێمانی و لــە ســاڵی (١٩٢٦) و ژمارە (١) یەکــی لــە ڕۆژی ٢١ی کانوونــی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ بە (٤) لاپەڕەی ڕەش و ســپی بە قەوارەی (٢٠×٣١ ســم) بە دیالێکتی کرمانجی خواروو (ســۆرانی) و بە ئەلف و بێی کوردی لــە عەرەبی و ئارامــی داهێنراو، لە چاپخانەی بەلەدییە چاپکراوە.

نوسخەی بە عانەیەك بووە، ڕێکلام کردن لەم ڕۆژنامەیە بۆ هەر دێرێك بە ٦ عانە بووە، بۆ خوێندنی زمانی کوردی و دانانــی پرۆگرامێك بۆ مەعاریفی کــوردی، ڕۆژنامەی ژیــان داوا لە مەبعوسانی کورد لە پەرلەمانی عێراق دەکات، کە بەم شێوەیە بڵاوکراوەتەوە:

(ئیسترحام ئەکەین و ئەپاڕێینەوە و تەلەبی دوو شــتی گەورە و پێویست و نــازك ئەکەیــن، (پرۆگرامێك بۆ مەعاریفی کوردی، دارئەلموعەلمینێکی کوردی)، هەردووکیان بۆ قەومی کورد ئیمڕۆ زۆر زۆر پێویســت و موهمیە، زۆر گەورەیە. مەعاریف بێ پرۆگرام و ئوسوول نابێ، مەدارسیش بێ مامۆستا نابێ)!.




ئا: فەرهاد محەمەد ئازگەیی

## یاری پیت دۆزینەوە

**لەم چەند چارێگە نیوەیەك هەیە، بۆ ئاستی زیرەكیت و لە ماوەی تەنیا (١٠) چركەدا بە ورد بوونەوەی چاو ئەو پیتە جیاوازە بدۆزیتەوە!**

¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼
¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼
¼ ¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼
¼ ¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼

¼ ¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼
¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼
¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼½¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼
¼¼ ¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼¼

## یاری وێنە




لەو وێنەیەدا، پشیلەیەك هەیە، هەوڵبدە پشیلەكە بدۆزیتەوە !




### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەم ماوەیە سۆزو خەیاڵت داوەتەماڵەوە، وادەزانی تازە بوویت بەمنداڵێكی نازدار هەموو بەهرەكانت وەلاخستووە، زۆر دەست بڵاویش بووی زیاد لەپێویست بەجۆرێك هەر بیر لەقەرزكردن دەكەیتەوە.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

دڵەڕاوكێكەت تەواو بوو، بەڵام خۆت زۆر ماندوو دەكەیت، ئەمەش باری تەندروستیتی خراپ كردووە وا بڕوات كار دەكاتە سەر خۆشەویستەكەشت، چونكە ئەویش بەم وەزعە باری دەروونی تێك چووەو دڵی لەلاتە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەبواری سۆزداریەوە ڕەنگە گۆڕانكاریەك بە كتوپڕی لەبیرو ڕاكانت ڕووبدات، بەڵام پێویستە لەسەرت بەژیرییەوە بڕیار بدەیت، نەك بەهەرەمەكی یارمەتی دانی هاوڕێكەت بەسوودی خۆت دەگەڕێتەوە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

كەسوكارت فەرامۆش مەكە و بەتاوانباریان مەزانە، چونكە خۆت بەرامبەریان كەمتەرخەمیت، دەبێ بزانیت كە ئەوانیش مافیان بەسەرتەوە هەیە، تۆ كەسێكی متمانەی خۆت هەیە لایان بۆیە گرنگیت پێ دەدەن.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەبواری ئەڤینداریەوە پێوەندیەكەت ڕێكوپێك و بێ كەموكورتیە، بۆیە نەكەی لەدەست خۆتی بدەیت بەهۆی نەفەس كورتی و غروری و لووت بەرزیت، ئەوەش بزانە كەس بێ كەموكورتی نییە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ژیری و بیرتیژی ئەو دوو سیفەتەن كە پێی ناسراوی، بەڵام لەم ماوەیەدا ئەم سیفەتانەت لێ بەدی ناكرێت و بۆیە كەمێك سەرنج لەدەوروبەرەكەت بدە ئینجا تێدەگەیت تا چ ڕادەیەك هەڵیانخەڵەتاندووی.

## بۆ زاخاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (پیرزین) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بكەرەوە كە لە كۆتاییدا ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە :

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ڕووەكێكی سروشتییە و بۆنی خۆشە و ڕەنگا و ڕەنگە)
- پیتی خانەكانی (٢+٤+٥) كۆ بكەیتەوە بە مانای (شارێكی كوردییە لە كوردستانی توركیا، بەم دواییە بوومەلەرزەی لێكەوتەوە)
- پیتی خانەكانی (٥+٤+٢) كۆبكەیتەوە بە مانای (هەموو كەسێك هەیەتی)
- پیتی خانەكانی (١+٤) كۆ بكەیتەوە بە مانای (گیاندارێكی خۆماڵیە و بە ڕەنگی سوور شێت دەبێ)



## ئاسۆیی:

١- شاعیرێکی کوردە خاوەن وێنەکە.
٢- سەرۆکێکی ئەمەریکی بوو تیرۆرکرا.
٣- دووپیتی بەد- چیرۆکی درێژ(پ)- بەشێکە لە لەش(پ).
٤- ڕۆمانێکی بەناوبانگە- بیدۆزەرەوە لە مەم وزین.
٥- لۆ(پ)- ئێمە- ڕەگەزێکە .
٦- جێگایەکی پیرۆزە لەلای یەزیدیەکان- پایتەختی وڵاتێکی عەرەبیە(پ).
٧- چوارپیتی ناوخۆ- شاعیرێکی کوردبوو.
٨- زنجیرە تەلەفزیۆنێکی ئەمەریکی کۆن بوو.
٩- وەکو یەك- جۆرە دارێکە- پیتێکی E(پ).
١٠- گەورەترین شار لە بەرازیل.
١١-بینی(پ)- وەکویەك.
١٢- کچە گۆرانیبێژێکی کۆچکردووە.

## ستوونی:

١- گۆرانبێژێکی کوردە.
٢- چیایەکی کوردستانە- وەکویەك.
٣- دووپیتی جێب- یاریزانێکی بەرازیلیە.
٤- ڕۆمانێکی بەناوبانگی سێرفانتسەدرەخت.
٥- وان(ت)- باو(ت).
٦- ملك(ت)- وڵاتێکی ئەفریقیە(پ).
٧- ناو(ت)- پێنج پیتی دارتاش.
٨- چیایەکی کوردستانە.
٩- ژمارەیەکە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو- خۆشەویست.
١٠- لێل- سك- کەلە.
١١- پێنج پیتی مەیامی - تۆبەE .
١٢- گێژ- چیایەکە لە ئەمەریکا(پ)- ژێر.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی شارێکی کوردیت بۆ دەربچێ.

ی ێ ا د م ئـ



وەڵامی ژمارەی پێشوو (نێرگز)

## نوکتە

- یەکێك دانیشتبوو باسی دوبەی بۆ یەکێکی دیکە دەکرد، گوتی: بینای وای لێ هەیە، ئەوەندە بەرزە ئەوەندە بەرزە، ئەگەر لەسەری بکەویتە خوارەوە، سێ ڕۆژ و سێ شەو ئینجا دەکەویتە سەر زەوی! ئەوەی دیکەش گوتی: واتە دەمری؟!!
ئەویش گوتی:ئەی سێ شەو و سێ ڕۆژ بە ئاسمانەوە بەبێ نان و ئاو، چۆن نامری!!!

* * *

- لە یەکێك دەپرسن ئارەزووت چییە لەژیان؟
ئەویش دەڵێ: حەزئەکەم بچمە کولیەی پزیشکی. پاشان ببم بە دکتۆر. دوای ئەوە عەیادەیەک بکەمەوە تاکو پارەیەکی باش پەیا بکەم و بتوانم سەیارەیەک بکڕم. ئینجا ئەمەوێت ببم بە سایەقی تەکسی..


## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە





### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



بەدرێژایی ئەم ساڵە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت دەبێتە ئامانجێکی گرنگت، بۆیە لەهەوڵی بەردەوامدا دەبیت بۆ ناسینی کەسانی دڵسۆزو ڕێکوپێك لەگەڵ ئەوەش ناسیاوە کۆنەکانت لەبیر ناکەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



ماوەیەکی زۆر دانت بەخۆتدا گرت تا لەخۆشەویستەکەت دوور نەکەویتەوە، هەروا ورەت بەرز بێت و کەمێك دەستبەرداری عینادییەکانت بە هەروەك هەمیشە دڵسۆزبووی و خەم هەڵگری ئازیزانت بووی، دڵنیابە هاوڕێکەشت دڵی لای تۆیە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١




ئێستا کەمێك لەجاران باشتری و هەنگاوی باشتریشت لە پێشە، ئەو شتانەی لەمێشکت دایە دەربارەی کەسێکی نزیکت دەتخاتە نێو گومانەوە بۆیە چاکترە لەیادیان بکەیت، ڕۆژانێکی خۆش بەسەر دەبەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩




ئەمڕۆ زۆر دڵخۆشیت دوای ئەوەی بڕێك پارەت دەستکەوت و چانست باش بوو لەپرۆژەکەشت سەرکەوتنت بەدەست هێنا، بەدیداری چەند کەسێکی ئازیزت کە ماوەیەکی زۆرە نەتبینیوە شاد دەبیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



گەشت و گەڕانەکانت بەردەوامن، بەڵام ئەوەندەی لەسەفەردا بیت ئەوەندە بێ بەرهەمی و هیچ جار بیرت نەکردۆتەوە ئەزموونێك لەم گەڕان و گەشتانە فێر بیت، تەنیا ئەوە نەبێت خۆت دەرخەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



ئەم خۆشییەت دەتخاتە ناو سۆز و سۆزدارییەوە، ڕەنگە ئەمەش بیر و هۆشت لێ بستێنێ، لەبیریشت بێت کەیف و ڕابواردن پیاو لەخشتە دەبات وەك ئەوەی هەمیشە گیرۆدە بێت.